# تەزووی کارەبا.... سەردارعەبدوڵلا

sardar@telia. com

بەڕاستی دنیایەکی سەیرتێکەوتووین، بەزۆر خۆمان ناچاردەکەین کە درۆکان راستن و ئەفسانەکان روداوی راستەقینەن! مرۆڤ قوربانییەکی زۆریدا تاکو توانی فرۆکە و مانگی دەستکرد درووستبکات بۆ ئەوەی گەشتی ئاسمان بکات و لە نهێنییەکانی تێبگات؛ کەچی تاکو ئێستاش باوەڕی بەم پیرەژنە جادووگەرە لەق نابێت کە سواری گسکەکەی دەبێت و قولایی ئاسمان بە ئارەزووی خۆی تەی دەکات! نازانم بۆ کەسێک لێی نایەتە دەنگ و ئەو گسکە جادووەی لە ژێری دەرکێشێ، ئاخر ئەو بە ئارەزووی خۆی بە نێو ئەو هەموو مانگە دەسکردانەدا دەڕوات، بە پێکەنینە رەق و دەنگە قرخنەکەی گاڵتەیان پێدەکات!

بەم ئیوارە درەنگە نەسرمە پاییزییە، کە رەنگی ئاسمان خۆلەمێشیەکی تۆخ دەچێتەوە؛سەیرکردنی ئەم پیرەژنە جادووگەرە لە تێڤێدا، لەش دادەهێزرێنێ و وەختە لە پێستی خۆت بێیتە دەرێ. پێدەچێت بەرێوەبەرانی ئەم کەناڵە لە دەوری بەردا بژین؛ وا بەم شێوەیە دڵیان بەم جادوگەرە نەعلەتییە دەکرێتەوە، نا لەوەدەچێت ئەو پیرەژنە، بەشێک لە خەرجی ئەو کەناڵەی لە ئەستۆ گرتبێت و هەر بەم هۆیە بە هەقی خۆی دەزانێت کە لە بەرنامەکانیدا دەربکەوێت! بە سەیرکرن و ئاوڕدانەوە خێراکانیدا دیارە لە فرسەتێک دەگەڕێت کە لە کەلەبەرێکی تێڤێ دەستی دەووەکەم بێتەدەرێ، خۆی بە گۆێمدا بکات، لە کۆنجێکی تەسکی مێشکمدا خۆی ون بکات و ماڵ وکۆچی لێبخات، ئەوسا قوڕی کام شوێن بکەم بەسەردا، کێ دەتوانێت پەلکێشی بکاتە دەرەوە. ئەم پیرەژنە سەرئاسنینەیە بە نیازە کڵاوم لەسەربنێت وەک خۆی شبرم بکات و سویندی پێبخۆم، بەڵام بە هەڵەدا چووە، جادووی جادووگەران تەنیا کاریگەری لەسەر نەستی ئەوانە هەیە کە بڕوایان بە جادوو هەیە، گڕی جادووی ئەو ختووکەشم نادات! بەڵام لەوە زیاتر توانای سەیرکردنی چارەی ناکەم، باشترە تێڤێکە بکوژێنمەوە و بچم سەری ماندووم بخەمە سەرسەرێن!

******

ئاسمانی لێڵی شار تاکو دێت رەنگی رەشتر، رەشتر بەرەو قەترانی دەچێت، هەموو شتەکان رەش دەچنەوە، هەرچەند دەمەوێت سەرێک بەرزبکەمەوە تاکو بەرپێی خۆم ببینم؛ ملم وەک ملی ککوختییەکی پێکراو شۆڕبۆتەوە و سەرم بۆ بەرزناکرێتەوە، بێهێزی دەستە لاواز و سڕەکانم منداڵی وە بیر دەهێنامەوە کە کارەبا لێیدام، ئەو کارەبا گرتنەی کە تاکو ئێستاش مووچڕک و ئازارەکانی لە ریشاڵی ماسوولکەکانم دان. نازانم ئەم بەڵایە لە کوێوە هات! هەرگیز واخۆم لاواز و بێدەستەڵات نەبینیوە! هانایەک شک نابەم، هاوارکردن دادم نادات، کەسێک ئاوڕێکم لێناداتەوە، ئەو دۆست و خزمانەش کە پێش سەفەرمان رۆحیان بەسەرمدا دەردەچوو؛ ئێستا هەروەک ئەوروپییەکان سارد و سڕبوون وهەروەک ئەوان بەرەو کارەکانیان رادەکەن و ئاوڕێک لە منی بێدەستەڵات نادەنەوە!

ئەوەندەی نەمابوو، مۆتەکەی ئەم تاریکییە دواهەناسەم لێبەسەنێت؛ دەستێکی چرچ و پڕ نینۆکی دریژ ملی راستکردمەوە، بە قاقای پێکەنن و دەنگە لرخنەکەی پیرەژنە جادووگەرەکەم ناسییەوە. سەرم سوڕما چونکە رزگارکردنی من کاری فرێشتەکان بوو نەک ئەهریمەنەکان! گسکەکەی دا بە پشتمدا وەک ئەوەی گاڵتە بە ئەقڵم بکات، دەیویست بیسەلمێنێت کە کردەیە و زۆر شتی لەدەستدێت! گومانم پەیداکرد کە ئەمەش داوێک بێت و

خۆی نایبێتەوە بۆم وپاشان هاتبێت بۆ رزگاركردنم؛ تاكو بڕوا بە توانا و جادووەكانی بهێنم. دیاربوو! ئەو پێش ئەوەی ملم راستكاتەوە بەسورای گسكەكەیەو گەشتێكی نێو مێشك و دەروونی كردبووم و هەموو خەون و نهێنییەكانمی خوێندبووەوە!


لە بێدەستەڵاتی خۆمدا، بوومە سەربازێكی گوێڕایەڵی، بەڵام ئەویش لەبری ئەوەی تۆڵەم لێبكاتەوە، زیاتر خزمەتی دەكردم، تاكو باوەڕی تەواوی پێبهێنم و بمە دەروێشی! ئەو دەیزانی كەمن لە مێژە خەون بە سەفەر بۆ لای كەس و هاوڕێ كۆنەكانم دەبینم؛ كە ساڵانێكی زۆرە بەجێمهێشتوون، دەیزانی كە عەوداڵی بینینەوەی ئەو كۆنە هەوارەی دوای جەنگم، دەیزانی بەشێك لە خەونەكانم لەوێ بەجێماون، هەموو ئەمانەی دەزانی!

دەستی دایە یەخەی كراسەكەم، لە پشتی خۆی سواریكردم، ئەوەندە سووك هاتم بەدەستەوە لەوە نەدەچوو هیچ كێشێكم مابێت ببوومە پەڕە كاغەزێك! دەستم دایە كەمەری تاكو خۆم قایم بكەم و لە ئاسمان بەرنەبمەوە بەڵام دەستم لە بری گۆشت یان ئێسك تەنیا لە پەڕۆی كەوا پەرتووكاوەكەی گیربوو.

ئەوەندەم بەخۆم زانی گەشتمە ئاسمانی شار، لە خۆشیان دڵم وەها كەوتە لێدان؛ وەختبوو پەراسووەكانم بشكێنێ و لە سنگم بێتەدەرێ، بەبێئەوەی بەخۆم بزانم چەندجار دەستم بەردا لە كەواكەی و لەوەدابوو بكەومە خوارەوە.

كاتێك خەڵكەكە ئێمەیان بێنی سەرسام بوون! هەموو كەوتنە جووڵە بەرەو ئەو جێگەیەی كە ئێمە دەمانویست تێیدا بنیشینەوە. زۆر شادمان بووم وام دەزانی پێشتر بەسەفەرەكەمیان زانیبوە؛ وا خۆیان ئامادەكردووە بۆ پێشوازیم، منیش بە پەلە بووم لەوەی زوو بیانگەمێ و ئەملاولای هەمویان تێرماچكەم.

چەن مەترێكمان مابوو بگەینە سەر زەوی، لەناكاو هەر ئەوەندەمان بە خۆمان زانی بەهەڵە بەرەو تەلی كارەبایەك دەڕۆێن، هەموو گیانم هاتە لەرزین، مەرگی مسۆگەری خۆم بەچاوان بینی، ئیتر زانیم كە كارەبا لە منداڵییەوە لە بۆسەدایە بۆم و بەنیازی مژینی هەموو تەڕایی گیانمە.



خەڵكەكە، هەموو بە جارێك سەریان بەرەو ئاسمان بەرزكردبووە و دەمیان دابچڕیبوو، ئارەقەی گیانی من وەك شەونم لەسەر روخساری هەموویان نیشتبۆوە، بەڕاستی خەڵكێكی چاوقایم بوون نە دەترسان كە لاشەكەم بكەوێت بەسەریاندا و ئێسكەكانیان تێكبشكێنم. هەموو چاوەڕوانی بینینی دوا سیناریوی ئەو فیلمە بوون كە جادووگەری دەیگەڕاند!

لە دەنگی قیژەی خۆم و قاقای پێكەنینی خەڵكەكە؛ بە خەبەرهاتم!

قاقای پێكەنینیان بە ئەقڵم بوو؛ چوونكە من لەتەلی كارەبایەك دەترسام كە زەمانێك بوو تەزووی كارەبای راینەچڵەماندبوو!

لەو نیوەشەوە سامناكە هەرئەوەندەم پێكرا؛ لە چرپاكەم هاتمە خواری و هەموو گڵۆپی نێو ماڵەكەم پێكرد!

٢٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٥